# سەگی پاسەوان و دەنگی کورد



ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

بەبۆنەی قۆڵبەستکرانی"Roj Tv"

**هەموو دیکتاتۆڕ و سیستمە تۆتالیتێرەکان کاردەکەن بۆ داگیرکردنی پێگەی "ئازادیی را دەربڕین". ئەگەر بۆیان نەکرا، لانیکەم هەوڵ دەدەن بۆ بەرتەسککردنەوەی کە ئەم دوو کردەیە کەم تا زۆر دەچێتە خانەی کپکردنی هەمووجۆرە "دەربڕین"ێک. ئەمە لە دەربڕینی داسەپاو و زاڵ جیایە. ئەم چەشنە حکومەتانە (وەک دەسەڵاتە سەردەستەکانی کوردستان) بۆ ئەم قۆرغکردنە پاساوێکی هاوبەشیان هەیە و بەئەرکی خۆیان پێناسەی دەکەن: """"دەوڵەت و حکومەت بەوجۆرەی کە خەڵک لە رووی تەندرووستییەوە دەپارێزێ، ئەرکی سەرشانیەتی پێش بەو "دەربڕین"انە بگرێ کە پیسبوونی رۆحیی بەدواوەیە و دەبێتە هۆی خەسارگەیاندن بە حاڵەتی دەروونی خەڵک. ئەمچەشنە حکومەتانە خۆیان بە پارێزەری بەرەی مرۆڤ دەزانن!**

**مرۆڤ شعوری هەیە و ئاژەڵ نییە . کە لەڕووی غەریزییەوە خۆی بپارێزێ یان ژەهر لە ناژەهر جیا بکاتەوە. مرۆڤ بۆ نمونە، سەگ نییە کە ئەو هێزە مەزنەی بۆنکردنی هەبێ و بە بۆن کە بتوانێ خواردنی تێکچوو لە خواردنی پاک هەڵوەژێرێ. ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئاوەز نەبوایە و لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا پێناسە نەکرابوایە، بێگومان نەدەکەوتە نێو پرۆسەی گەشەکردن و کامڵبوونەوە. بەمجۆرە ئەم بوونەوەرە تاکانەیە بەهەموو خەسلەتەکانی مرۆڤەوە یان لەدایک نەدەبوو یان ئەوەی کە بەرەی مرۆڤ لەناودەچوو! تا بەئێستا بەرەی مرۆڤ لەناو نەچووە لەبەر ئەوەی خاوەنی شعورە، شعورمەند بوون و کۆمەڵایەتیی بوونی مرۆڤیش بەتەواویی لە ئازادیی بیروڕا دەربڕیندا دەردەکەون. بۆ نموونە باسی سەگ کرا!! مرۆڤ سەگ نییە، بۆیە لەکاتی پێویستدا حکومەت یان چاوەدێری کۆمەڵایەتیی دەبێ ئەرکەکانی سەگی بۆ جێبەجێ بکا. وەک پاسەوانی کردن، بۆن کردن و... بەڵام حکومەت ئەم ئەرکەی گۆڕیوە !!**

**مرۆڤ مرۆڤە و مرۆڤ بوونیشی بە هۆی دەربڕین و قسەکردنەوە پێناسە دەکرێ. ئیدی لە چوارچێوەی "دەربڕین"دا پیویستی بە سەگی پاسەوان نییە. دیکتاتۆڕەکان، شعور لە مرۆڤ دەستێنن و بۆ ئاستی نامرۆڤبوون دەیگۆڕن و دەیانەوێ کۆمەڵایەتی بوونی بۆ ئاستی کۆمەڵایەتیی بوونی غەریزیی ئاژەڵەکان دابەزێنن.**

**ئەم حکومەتانە دەڵێن، ئێمە پێش بە بۆمب نانەوە دەگرین، رەشەکوژی و کوشتوبڕ نایاسییە، هەر بەوجۆرەش"دەربڕین" دەتوانێ مەترسیدار بێ و بەشێوەیەکی دیکە ببێتە هۆی تۆقاندنی خەڵک، بۆیە دەوڵەت دەبێ چاوەدێریی بکات و ئەو کەسانەی کە بەهۆی "دەربڕین"ەوە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤەکان**

دەکەن، ڕەشەکوژن. دەبێ دادگایی بکرێن و لەسێدارە بدرێن، یان زیندانیی درێژخایەنیان بەسەردا بسەپێ .

واتە ئەوەی لە چوارچێوەی سیستمی تۆتالیتێری ئەو حکومەتانەدا نەگونجێ، خوێندنەوەیەکی ئاژەڵانە بۆ ژیانی مرۆڤ ئامادەیە. بەڵام ئازادیی ڕادەربڕین گرینگترین دەستکەوتی مرۆڤییە و هەر کۆمەڵگایەک بەهەر ڕادەیەک "ئازادیی ڕادەربڕین"ی تێدا بەرفراوان بێت بەوڕادەیە لە گردبوونەوەی ئاژەڵان دوور دەکەوێتەوە و کۆمەڵگاکە مرۆڤیتر دەبێ...

– – – –